www.kurdistannet.org
3-11-2006 11:38بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئافرەت و مامەڵە پێوەكردنی لە بازاری ... سێكس و لەش فرۆشی ... هەورامان علی تۆفیق

berzi-san@web. de

سیمای جوانی هەر نەتەوەیەك و ڕەسەنایەتی لەگەڵ جوانی ئافرەت و ڕەوشت و بوونی خۆشەویستی و پاكی و ڕاستی دایە، لەهەر دونیاو زەمەنێكدا گرفت و كێشەی ئافرەت تەوەری سەرەكی بابەت و باسەكان بوایە ئەو دەوترا ئەو نەتەوەیە دژی ئافرەتن و ڕەفتارەكانیان دژی مافەكانی ئافرەتە.. ئەمرۆ و لەدونیای پێشكەوتن و گەشەسەندن دا زۆر گرفت و كێشە سەرهەڵدەدەن و یەكێك لە گرفتانە گرفتی ئافرەتە یان ژن.. بەواتەیەك ئافرەت وەك نیوەیەكی كۆمەڵكا و بەبێ بوونی ئەو ئەم كۆمەڵگاو ژیانە تەواونابێت واتە تەواكەرێكی بنەڕەتی یە بۆ پیاو و بۆ بەڕێوەچوونی كۆمەڵگا.. بەڵام بەكارهێنانی ئەم نیوەی كۆمەڵە بە جۆرەها شێواز و بازرگانی پێوەكردنی لە لایەن پیاوە سیمایەكی دیارو بەچاوو باوە و بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا بە شێوازی پێشكەوتوو و لەڕێگای پێشكەوتووترین تەكنەلۆژیاوە ئەم تاوانە دەرهەق بە ئافرەت ئەنجام دەدرێت و لەلایەكی ترەو ئاین بە هەموو ماناكانیەوە هاوكارە بۆ دژایەتی كردنی ئافرەت و لەكەم كردنەوەی بەهای و سووكایەتی پێ كردنی.. لە دروست بوونی دوونیای ئازادا و دیموكراتیەت و وەرگرتنی لەدەوەرەو بە جۆرەها شێواز و جۆر.. دروست بوونی دونیایەكی فراوان و بێ كۆتا لە ئاسمانی ڕاگەیاندن بە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەو گۆڤارو وێب سایتەكانی ئێترنێت بەو شێوە بەرفراوانیە كە هیچ سانسۆرێك لە سەری نیە و هەموو كەسێك بەویست خۆیی دەتوانێ بەكاری بێنێ بەو شێوەی كە خۆیی دەیەوێ.. ئافرەتیش وەك مادەیەك كڕین و فرۆشتنی پێوە دەكرێت.. یەكێك لەو گرفتانەی ئەمرۆ لەكوردستان دا هەیە بەكارهێنانی هەڵەی تۆڕی ئینتەرنێتە لەگەڵ ئەو لێشاوەی كە كوردستانی گریۆتەوە لە كۆمەڵە لەش فرۆشانەی لە ناوچەكانی عێراقەوە دەهێنرێنە كوردستان بازرگانیان پێوەدەكرێت و پاشان دروست بوونی ئەو چەند وێنە گرتنانەی لە ئەنجامی كاری سكسی گیراوان و بڵاودەكرێنەوە و پاڵەوانەیەتی پێوە نیشان دەدرێت، گومان لەوەشدا نیە دوای ماوەیەكی دیش هەواڵی ئەوە دەبیستین كە ئایدزیش بڵاوكراوەتەوە كە بێگومان هەمان ئەو بازگانانەش ئەم كارە دەكەن بۆ بەدەست هێنانی پارەو سەروەت و سامان.. بێ گومان نەخۆشی لەم جۆرەش كاریگەری زۆر ترسناكی دەبێ لای ئێمە چونكە زانستە پزیشكیەكانمان لەو ئاستەدانین كە بتوان چارەسەری گرفتی لەو شێوەیە بكەن و بەم شێوەیەش مەرگی ڕاستەقینەی زۆر بەهێمنانە چاوەڕوانمان دەبێت. بڵاوبوونەوەی دیاردەی وێنەو فیلم بەرداری لەم شێوازە نەخۆشیەك نیە ئەمرۆ لەئێمەی كوردا دروست بووبێت بەڵكو بابەتێكە وەك هەموو ئەو بابەت و كاڵایانەی ئەمرۆ پیاوانی بازرگانی كورد بازرگانی پێوە دەكەن و دەیهێننە وڵاتەوە. ئەوەشمان لەیاد نەچێت لە ئەمڕۆی ژیانی ئاسایی عێراقدا بەشێوەیەكی گشتی ئافرەت دوور لەم بازرگانیە سوكایەتی پێوە دەكرێت لەژێر جۆرەها ناو ناتۆرەدا، باس لەوە دەكرێت كە گوایە میلشیات بوونەتە هۆی نائارامی ئاسایش لە وولات دا بەڵام كە دەچیتە ناوەڕۆكی ڕاستیەكانەوە و گوێ لەڕاپۆرتە جیهانیەكان و ڕێكخراوە مرۆیی یەكانەوە دەبینیت سەركردایەتی ئەم میلیشیاتانە لەلایەن خودی پۆلیسی عیراقەوە دەكرێت و ڕۆژانە دەیان ئافرەت بەكوژراوی فڕێ دەدرێن و دەفڕێنرێن و تەعەدای جنسیان لێ دەكرێت و دەگرێن و بێ سەرو شوێن دەكرێن و هەرشەشەیان لێ دەكرێت هەمووی بەناوی ئیسلامەوە، هۆكارەكەش تەنها لە دەزگایەكی حكومی یان مەدەنی كاردەكەن.. پاشان ئەوەمان لەیاد نەچێت ئەو تاوانانەی كە گوپی بەناو شێخ زانا لە هەولێر بەرامبەر بەو چەند ئافرەتە كردیان، ئەویش بەناوی ئیسلامەوە بوو.. ڕەنگە لەمەدا دەتوانین بڵێین ئافرەتەكانیش تاوانبارن بەوەی ئەم جۆرەكارانەیان كردووە یان پێی ڕازی بوون.. لەوڵاتی ئێمەدا هەموو هۆكارەكان دەگەڕێتەوە سەر نا ڕۆشنبیری ئافرەت لەهەندێ كات و زەمەندا

بەڵام لەزۆر کاتدا کۆمەڵگا و دەوروبەرو پەروەردە بەرپرسی یەکەمن چونکە پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا پەروەردەیەکی سەقەتە و لەسەر بنەمای پەروەدەی ڕژێمە عەرەبیەکان دەڕوات ئەو ڕژێمانەش کە سەیریان بکەین پڕن لە کۆمەڵێك گرفت و کێشە و توانای چارەسەرکردیان نیە.. نامەوێ لە باسەکە لابدەم چوونکە پەروەردە بەتەنها باسێکی گرنگ و سەربەخۆیە و پێویستە باسی لەسەر بکرێت.

لە عێراقدا وەك وتمان گرفتە یاسایەکانیش ئەمڕۆ دژایەتی ئافرەت دەکەن و ئافرەت لە چەنگێدایە و دەبێ پشگیری لێبکرێت چونکە لە دانانی یاسای عێراق هەوڵی ئەوە دەدرێت مافەکانی ئافرەت بەناوی ئیسلامەوە زەودبکرێن..

لێرەدا بەلامەوە گرنگە ئاماژە بەوەبکەم ئەم شێوە گرفتانەی کە لەدەستان دەناڵێن هەموو دوونا بەدەستیانەوە دەناڵێك و کێشەیەکە هەموو وولاتێکی گرتۆتەوە، بەڵام جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوان ئەوەیە ئەوان بەشێوەیەکی زانستیانە لێی دەکۆڵنەوە و هەوڵ دەدەن چارەسەری بکەن بەوشێوەی کە خۆیان بڕوایان پێی هەیە، بەڵام ئێمە نەك تەنها بەدوا گرفتەکاندا ناگەڕێن بەڵکو بڕوا بەبوونیان ناکەین و دان بەوەدانانێین کە گرفتی لەوشێوەیە ئەمەش ئەوە دەسەڵمێنێ کە بۆخۆمان هیچ شێوە زانستێکمان نیە بێ لەوەی کە لەدەرەوە دەیهێنین ئەویش بەهەڵەو لایەنە خراپەکانیەوە..

پێش ئەوەی باس لەسەر ئەولێکۆڵینەوەی کە ڕێکخراوێکی ئافرەتان لە کالیفۆڕنیا لەم بارەیەوە ئەنجامی داوە دەمەوێ سەرنجی ئێوەی خوێنەر بۆ چەند نمونەیەکی هاوشێوەی گرفتەکانمان ڕابکێشم و باسیان لێوەبکەم.

(جیسیکا سیمبسون) لەو کلیپەی کە ساڵی 2005 بڵاوکرایەوە بەشێوە جل و بەرگ و پێڵاو و سیما سکسیەوە، یان (نانسی سیناترا) و یەکەم گۆرانی لەساڵی 1966 دا کە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە ئەوکات بەسرودێکی پاڵپشتی بۆ خەباتی ئافرەت ناودەبرا و دەرکەوتنی لەسەر بەرگی ئەلبومەکەی بەجل و بەرگی تەسك و کورتەوەو بەجۆرێك لە سەیرکردنی ئیغراییەوە. هەروەها دەرچوونی کلیپی (Dont cha) لەساڵی 2005 کە سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا، کە کچانی گروپی (بوسیکات دولز) لەشێوە جل و بەرگی ڕاقیسەیان بەکارهێنابوو و لەگەڵ گۆرانیەکانیان خۆیان ڕوت دەکەنەوە و دەڵێن (خەزناکەیت کچەکەت وەك من گەرم بێت) ئەم گروپەش کە هەموویان ئافرەتن و لە یۆنیۆی ساڵی 1999 هەموو گروپەکە لە سەربەرگی گۆڤاری (پلەی بۆی) وێنەیان بڵاوکرایەوە، لەهەمان کات دا ئەستیرەی ناسراو (پاریس هیلتۆن) بەدەرکەوتنی لە زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بەکەمترین و کورت ترین و سکسی ترین جل و بەرگەوە خۆیی نیشان دەدات یان ئەو فیلمە ڤیدیۆیانەی کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بڵاوکرانەوە کە کاری سکسی لەگەڵ پیاوێك دا دەکات.. ئەمەو زۆر ناودارو هونەرمەند و دەوڵەمەند و سیاسەتمەداری بیانی دا باوە و ڕۆژانە ڕژنامە و کەناڵەکان پێوەیانەوە خەریکن و لەڕێگای ئیتەرنێتەوە زۆر بەئاسانی دەستی مرۆڤ دەکەون. هەروەها دوونیای عەرەبی و ئیسلامی لەم گرفتە یان بڵێن لەم باوەی ئەمڕۆ بێبەش نیە بەڵکو لاپەڕەکانی ئینتەرنێت زۆر بەچڕی و بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو لەم شێوە وێنە و ڤیدیۆیانە هەن و هەمووشیان سووکایەتیەکی ڕاستەوخۆن بۆ ئافرەت چونکە بێ لەوەی هەندێکیان بەوشێوەیە گیراون کە ئافرەتەکانیش بەئاگان لەو وێنەگرتنانە بەڵام لەوانەش هەن کەبێ ئاگان و بەدزییەوە گیراون. بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە کارەکە هەیە و بڵاوە ئەمە ئەوانەی نەناسراون و بەشێوەی پریڤات گیراوە بەڵام خۆ ناوداران و خاوەن هونەرو کەسانی ناوداریش بێ بەش نین لەوانە وێنەوە کلیپ و کارەکانی (هەیفا وەهب) ە لەوروژاندنی پیاو بەلاوە هیچی تری پێوە دیار نیە ئەوەی هونەرمەند نەبێ ئەو ئافرەتەوە بەڵام پارەپەیدا کردن و ناوداربوونی هۆکاری سەرەکین بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە، یان (نانسی عەجرەم) و کلیپەکانی یان ئەو کاسێتانەی کە لەژوری خۆچاك کردن گیراون و بەڕوتی وێنەی گیراوە، یان فلیمەکەی لەگەڵ کوڕی قەزافی، لەگەڵ

فلیمەکانی (دینا) ی راقسە لەگەڵ گەورە بازرگانی مسری ئەبو فەتوح و پاشان بۆ زۆربەی زۆری ئەستێرە گەشەکانی دوونیای هونەری عەرەبی کە پڕە لە کاری ئابڕوو بەری و چەواشەکاری.
لە دونیادا ئەم شێوە کارانە دەکرێن بۆ چەند مەبەستێك لەوانە پەیدا کردنی پارە یان پەیداکردنی شوهرەت و خۆناساندن بەدوونیا لەگەڵ ئەوەی لای زۆر لەوانە بەسەربردنی کاتێکی خۆش... بەڵام لەدونیای ئێمەدا پێچەوانەی کارێکی لەو جۆرە لەم ڕژگارەدا مەرگ و کوشتنی بەدواوەیە وەك ئەو کچ و کوڕەی لەهەولێر بەسەریان هات. کێشەی ئێمەی کورد لەباسی کردنی ئەم بابەتانە دەترسین، نەخوازەڵا چارەسەریان بکەین چونکە کۆسپ تەگەرەی زۆر هەن ئەو ڕێگایەمان پێنادەن باسی لەسەربکەین، بەڵام دەبێ ئێمەش لەڕێگای پسپۆڕو شارەزایانەوە لێکۆڵینەوەمان هەبێت هۆکارو دەرەنجامەکان دەست نیشان بکەین بەشێوەیەکی زانستیانە یان نەوەکانی داهاتوومان لەهەموو گرفت و کێشەکانی لەم شێوەیە بپارێزین...
ڕێکخراوێکی ئافرەتان مانگی پێشوو لە کالیفۆڕنیا کە بارەگای لە سانفرانسیسکۆیە لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر زیادبوونی ئەم دیاردەیە لە فیلم و وێنەی سکسی کچانی تازە پێگەیشتوو کرد. هەستابە دروست کردنی 9 گروپی سەرەکی لەو کچە تازە پێگەیشتوانە لە هەرێمە جیاوازەکان.. 30 کچ لە لۆس ئەنجلس و 60 کچ لەسان فرانسیسکۆ و ئاوکلاد. هەروەها لەڕێگای ئینتەرنێتەوە 700 کچ و 300 کوڕ کە تەمەنیان لە نێوان 13 بۆ 18 ساڵ بەشداریان کردووە و ڕێگاش دراوە بە (ویمنزئای نیوز) کە چاودێری چۆنیەتی لێکۆڵینەوەکان بکات بەمەرجێ هەموونهێنیەکان و زانیاری کەسیەتی ئەوانەی بەشداری ئەم کارەدەکەن بپارێزرێت. بەشداربووانیش بەپێ ی تەمەن و باری ئابوری و باری جنسی و هەڵکەوتووی خێزانیان دەست نیشان کراون هەمووشیان لەو کچانەن کە لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەڕێوەبەریان پێشڕەون لە باری سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ڕشێکخراوەی یان هونەری یان وەرزشی.. گروپەکانیش ڕەگەزنامەی جیاوازی لەخۆدەگرن لەسێی پێست و لاتینی و ئاسیەوی و ئەفریقی و ئەمریکی و سەرەڕای ئەوەش زۆر لەو تازەپێ گەیشتوانەشی لەخۆدەگرت لەو خێزانانەی کە دایکەکانیان شویان نەکردووە واش چاوەڕوان دەکرێت کە دەرەنجامەکانی بەشێوەیەکی کۆتایی لە ڕاپۆرتێکدا لەساڵی 2007 ڕابگەیەنرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت.
بەشداربووان لەکارەسەرتایەکانیان و دوای سێ دانیشتن و بەشێوەیەکی سەرەتایی لە لۆس ئەنجلس چاویان کەوت بەچەند وێنەوە بینینی چەند کاسێتێکی ڤیدیۆی سکسی ئەو ئەستێرە ناسراوانەی کە ئەمڕۆ باوەو بڵاوبوونەتەوە و هەندێکیان ڕایان وابوو ئەوە کارێکی زۆر ئاسایی و سادەی ڕۆژانەی ئەو خەڵکەیە و مافێکی خۆیانە چۆن دەیانەوێ وابکەن.. بەم شێوەیە بەلایانەوە ئاسی بوو چونکە ڕۆژانە لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەوشێوانە دەیان بینن.
هەندێکی تریش لەوانە ڕایان وابوو کە ئەم جۆرەکارانە خراپن و دژی ئافرەتن و ئەمڕۆ لەبازارەکاندا بازرگانی پێوەدەکرێ و ئافرەتیان کدۆتە کاڵاك و بازگانیان پێوە دەکرێت.
کەواتە دەرەنجام لە یەك خاڵدا خۆمان دەگرینەوە کە هەموومان بەرامبەر یەك ئافات و کێشە دەبینەوە تەنها شێوەی هەڵسوکەت و قبوڵ کردنی جیاوازە لەگەڵ چارەسەرکردن و لێکۆڵینەوە لەسەری بۆ دەبێ ئێمەی کوردیش زۆر بەوریای لەم بابەتە ووردبینەوە و ڕۆشنبیرانیش بەو پەڕی ووریاییەوە خەڵکی بەئاگابێننەوە، ، تا ئەوەندەی پێمان دەکرێ خۆمان لەم نەخۆشیە کوشندە دەرونیە و گیانیە بپارێزین..